# تووشی نەخۆشی سیل بووە، و پزیشکەکان ئامۆژگاریان کردووە کە پێنج ساڵ ڕۆژوو نەگرێت

< كوردي >

سەماحەتی شێخ محمد کوڕی ئیبراهیم ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت )

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# مريض بالسل ونصحه الأطباء بعدم الصيام خمس سنوات

< كردي >

سماحة الشيخ محمد بن إبراهيم ( رحمه الله )

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# تووشی نەخۆشی سیل بووە، و پزیشکەکان ئامۆژگاریان کردووە کە پێنج ساڵ ڕۆژوو نەگرێت

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ محمد کوڕی ئیبراهیم کراوە ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) :

**پرسیار :** تووشی نەخۆشی سیل بووم، وە بۆ ماوەی دوو ساڵە چارەسەر دەکەم، و پزیشکەکانیش ناچاریان کردم کە واز لە ڕۆژوو بهێنم، وە ترساندیانم ئەگەر بێتو ڕۆژوو بگرم نەخۆشیەکە زاڵ دەبێت بەسەرمدا، بۆیە ئامۆژگاریان کردم کە ماوەی پێنج ساڵ ڕۆژوو نەگرم، ئایا حوکمی وازهێنانی ڕۆژوو لەو ماوەیەدا چیە ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾ [ البقرة/185] واتا : جاهەر کەسێک لەئێوە نەخۆش بوو یان لەسەفەردا بوو( وە بەڕۆژوو نەبوو ) ئەوە پێویستە بەئەندازە ئەو ڕۆژانەی (بەڕۆژوو نەبووە ) لەڕۆژانی تردا قەزای بکاتەوە وبیانگرێتەوە .

هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە خوای گەورە داواکاری و واجب و فەرزەکانی ئیسلامی ئاسانکردووە لەسەر ئەو کەسانەی کە لەبەر عوزرێکی شەرعی توانای بەجێهێنانیان نیە، بۆیە هەر لەپاش ئەوە فەرموویەتی : ﴿ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ ﴾ [ البقرة/185] واتا : خوای گەورە کار ئاسانی بۆ ئێوە ئەوێت, وە گرانی ناوێت بۆتان ..

زانایانیش باسیان لەوە کردووە هەر نەخۆشێك پزیشکێکی موسڵمانی متمانە پێکراو پێی گووت کە ڕۆژوو گرتن زیانی تەندروستی بۆی دەبێت، یان دەبێتە هۆی ئەوەی نەخۆشیەکەی زاڵ بێت بەسەریدا و زیاد بکات، یان چاك بوونەوەی دوا دەخات، یان هەندێك ئامۆژگاری تری لەو شێوەیە، لەم کاتەدا

دروستە ئەو کەسە واز لە ڕۆژوو گرتن بهێنێت و نەیانگرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو پزیشکە پزیشکێکی موسڵمان نەبوو، یان پزیشکێکی موسڵمانی دادگەر نەبوو لە کردار و گوفتاریدا، ئەوا لەبەر پێویست ( ضرورة ) نەبێت قسەی جێگای وەرگرتن و متمانە نیە، بۆ نموونە : ئەو کەسە، یان ئەو نەخۆشە جگە لەو هیچ پزیشکێکی تری دەست نەکەوت پرسیاری لێ بکات و بڕواتە لای، جا ئەگەر حاڵەتێکی لەم شێوەیە بوو، یان بۆی ڕوون بوویەوە بەهۆی هەندێك نیشانەوە کە ئەو پزیشکە ناموسڵمانە ڕاستگۆیە لەو ڕێنومایەکانیدا، بەوەی نەخۆشەکەش خۆی هەستی بەوە دەکرد کە بەڕۆژوو دەبێت نەخۆشیەکەی زیاتر دەکات، یان هەر ئەو نەخۆشیە وا لەناو خەڵکدا ناسراو بوو کە بەڕۆژوو گرتن نەخۆشی نەخۆشەکە زیاد دەکات، یان باش بوونەوەی نارەحەت دەکات، لەم حاڵەتەدا دروستە ئەو نەخۆشە واز لە ڕۆژوو گرتنەکەی بهێنێت، تا ئەو کاتەی خوای گەورە شیفای بۆ دەنێرێت و چاك دەبێتەوە ..

بەڵام سەبارەت بەو مانگی ڕەمەزانانەش کە بەڕۆژوو نەبوویت، ئەوا پێویستە دوای ئەوە چاك بوویتەوە بیانگریتەوە، وە هیچ کەفارەتێکیش واجب نابێت لەبەر ئەوەی گرتنەوەیانت دواخستووە، چونکە تۆ لەبەر ئەوەی نەخۆشیەکەت بەردەوام بووە لەگەڵتدا وازت لە ڕۆژوو گرتن هێناوە ،،

خوای گەورەش زاناترە ..

لە زنجیرە فەتواکانی شێخ محمد بن إبراهیم ( ڕەحمەتی خوای لێ بیت ) بەرگی ( 4 / لاپەڕە 182 - 183 ) .

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار وەڵام ..